# ئاییینێکی تر ..

ئاراس عەبدول کەریم

دواجار هاتیتە سەر قەناعەتی پەلکە گیا و
بڕوات کرد کە باران گۆرانییەکی تەڕە ..
هاتیتە سەر یەقینی ئێوارە و
بڕوات کرد کە خۆرنشین
جوانترین سێبەرە ..
سوپاس بۆ پەنجەرە..
بە بێ حیکمەت نەبوو ئاشنایەتی نێوان ژوورێکی تەریک و
سیگاری لا لێوی شیعرێك و
بارتەقای دووکەڵێك گۆرانیی ..
بە بێ حیکمەت نەبوو
شەو بەو کوێرییەی خۆیەوە
ئەدرێسی تەنیاترین چرای ئەزانی..
هەر لە خۆڕا نییە
خەیاڵی بارانێك
ئولفەت بە تەنیایی درەختێکەوە بگرێ و
خەون .. خەون
ئەو هەموو مەملەکەتە تەڕانەی بەرێ و
بیباتە ئەوبەری فڕین و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەودیوی وەرین و
بیباتە ئەوسەری " با " ..
من ئەڵێم لە خەیاڵی باخچەیەکا
هەمیشە گوڵێك هەیە
تەنیایی بکات بە عەتر ..
لە خەیاڵی دەریایەکا
هەمیشە مرواریەك هەیە
تەنیایی بکات بە گەوهەر ..
تۆش ئەی عەشق
چەند جوانیت ، کە....
لە خەیاڵی مەنفایەکا
تەنیاییم ئەکەیت بە شیعر ..!
خەریکە بڕوا دێنم لە نێو تەنیاییدا ،
هەمو پەنجەرەیەك موعجیزەی خۆی هەیە و
ئەتوانێ ...
لە نێو سکە خشکەی چیمەنێکی تەڕا ،
سەفەرێکی سەوز
بباتە نێو سەری....
ماڵێکی ئاودامان لە دەرگا و لە قوفڵ و
بەسەر شەرعییەتی دیوارەکانەوە
لاولاوێك بکاتە پێغەمبەر ..
من ئەڵێم
لەنێو تەنیاییدا ،
هەتا نەورەسێکیش گۆرانیی خۆی هەیە
لەوانەیە گۆرانییکی ، وەکو خۆی سپی بێت
یان وەکو دەریا ، شین
شکور ئێمە نازانین
دەنا ..بە زەبری درۆیەك
ئەویشمان ئەخستە بەردەمی ئاوێنە ..
سوپاس بۆ ئاوێنە ..
من ئەڵێم
کانیی لە هەموو ئاوێنەکان جوانترە ،
ئەو لەسەر زمانی ئاوەوە
هەمیشە بە لێڵیی باسمان ئەکات ..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کانیی درۆ نازانێ
ئێمە هەموومان لیێڵین
مەگەر هەر ئەو دەمەی
کە عەشقێك ئاوە و ئاو ئەمانبات ..
من ئەوەت پێ ئەڵێم
کە خەونێك بۆی گێڕامەوە
نەك قسەی سیاسەت ..!
خەریکە بڕوا دێنم کە خوداوەند
سیاسەتوانێکی گەورەیە
ئەو ، بەر لە هەمووسان
تەنیایی کردبوو بە یەکێك
لە سیفەتە هەرە گەورەکانی ..
ئاخر ئەو ئەیزانی ،
لە نێو تەنیاییدا هەموو شتێك زۆرە .. زۆر ...
لە نێو تەنیاییدا هەموو شتێك جوانە .. جوان ...
ئەها چۆن لە نێو تەنیاییدا
دەستەکانی خواوەند کەشف ئەبن ..!!
من کوفرت بۆ ناکەم ؛
شتێك ئەڵێم ،
کە هەموو کتێبە پیرۆزەکان
لە ڕوویان نە ئەهات پێت بڵێن ..!
شەرم لە چی ئەکەیت ؟!
هەمووسان لە نێو تەنیاییدا
شایەتمان بەو کوفرە ئەهێنین
کە لە نێو شەریعەتی دیوارا
پێی ئەڵێن " پەنجەرە " ..
مەگەر هەر ئەو موریدە گوناحانەی
شوێن مژدە ساردەکانی سێبەر کەوتوون و
میدالیای فیردەوسێك
ئەکەن بە سنگی دیوارەوە و
بەبەر چاوی هەتاوی کانوونەوە
پەنجەرە دائەخەن ..!
لەوان گەڕێ ..
ئەوان هێندە خەم ساردن ،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەربەست نایەن لە نێو پیاسەیەکی بەد مەستییانا**
**شارێك لە پەلکەگیا ببێت بە ژێر پێوە ..!!**
**ئاخر ئەوان کوا لەوە تێ ئەگەن**
**کە پەلکە گیا ئەلف و بێی باخچەیە ..؟!**
**چووزانن کە باخچە**
**چ عاشقێکی گەورەیە ..؟!**
**عاشقێك**
**لە عەشقا سەوز ئەبێ و**
**لە عەشقا زەرد ئەبێ و**
**لە عەشقا ئەوەرێ ..**
**من لێوان لێوم لە وەرین و**
**پڕ پڕم لە ئایینی باخچە و**
**سیخناخم لە عەشق**
**ئیدی لە چیم کەمە ..؟!**
**عەقیدەم**
**عەقیدەی زەرنەقووتەیەکی بەر گڕەی تەمموزە ...**
**بە داڵدەی سێبەری دار هەنجیرێك..**
**یەقینم**
**یەقینی نزای قارچکێکە ،**
**بە موعجیزەی بەردەچەرخی هەورێك ..**
**باوەڕم**
**باوەڕی ماچێکی شەرمنە ،**
**بە میهری دەستەسڕی لێوێك**
**ئەها چۆن سیخناخم لە ئیمان !!**
**ئیدی لە چیم کەمە ..؟!**
**ژوورێکم لە تەنیایی گرتووە بە کرێ !**
**بە قەد خۆرنشینێك ..**
**بە قەد خەونێك ئەبێ ...!!**
**ژوورێك ،**
**کردنەوەی هەموو پەنجەرەکان بە دەست خۆمە ..**
**بە دەست خۆمە**
**کام ئێوارە ئاڵە...**
**بە بۆیەی مناڵیی ڕەنگم کا و**
**کام گۆرانییە کاڵە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به دەنگی ئاو شتێکم پێ بڵێ و
خەیاڵی کام چرا
بەدەم سەماکردنەوە
بێتە نێو سەرمەوە ..
بە دەست خۆمە
چ گەڵایەك تیاما بوەرێ و
چرپەی چ بارانێك بێتە نێو دەنگمەوە ..
من باسی بەهەشتت بۆ ناکەم ..
ئەو لە نێو لافیتەی سیاسیی و
باوێشکی کتێبە پیرۆزەکانا جوانە ،
نەك خەون ..
بەهەشتی چی ..؟!
من ئەوەندەم بەسە
جار جارە
باران دیدەنیم کات ..
خۆرنشین
لەوپەڕی ئێوارەوە
دوورا و دوور سڵاوێکم لێ بکات ..
زۆرە .. زۆر
گۆرانییەك بمناسێ و
ماچێك شێوەم کات و
جێ ژوانێکیش هەبێ
جار جارە بیرم کات ..
من ئەوەندەم بەسە
تاقەتم بێ
بە گوڵێك بڵێم " گەورەم " ..
"با " یەك تاقەتی بێ
بە گاڵتە قژم تێك بداتەوە و
لە پشتەوە پاڵتۆکەم ڕاکێشێ و
بابەخولێم پێ بکا و
گێژە گێژ ، فرێم داتە
نێو مەجلیسی گەڵا ..
گەڵایەك کەم نییە
کە لە ژێر لێوی پاییزەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**گۆرانییەکی ئاڵتوونیی**

**بۆ تەنیایی درەختێك بڵێ ..**
**بە پێی مەزهەبی " با "**
**گەڵا ئیمانداریکی گەورەیە ..**
**سیخناخم لە ئیمان**
**پڕ پڕم لە گەڵا**
**ئیدی لە چیم کەمە ..؟!**
**ژووریکم لەنێو تەنیاییدا گرتووە ،**
**بە قەد خەونێك ئەبێ ..**
**ژوورێك**
**لەنێو ماڵی بارانا ..**
**ژوورێك ئاوادامان لە ئێوارە ..**
**ژوورێك**
**لەمسەری شەووە هەتا ئەوسەری شەو**
**چرا و چرا ..**
**لای چاوی خۆمەوە هەتا بەر دەرگای مانگ**
**پەنجەرە و پەنجەرە و**
**کردنەوەی هەموو پەنجەرەکان بە دەست خۆمە..**
**ئیدی من لە چیم کەمە ..؟!**
**کردنەوەی هەموو پەنجەرەکان ..!!**
**هەموو پەنجەرەکان ..!!**
**سوپاس .. سوپاس**
**سوپاس بۆ پەنجەرە ...!!**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com